### بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە:

# هۆكاری دواكەوتنی دابەشكردنی زەوییەكان ئەوەیە كە خەڵكانێكی تێدابوو هی دەڤەرەكە نین

**پرۆسەی بەعەرەبکردنی کوردستان کاولکارییەکی زۆری بەسەر کوردستاندا هێناوە، هەڵبەتە دیبەگەش کە شارۆچکەیەکە سەر بە قەزای مەخموورە بەدەر نەبووە لەم شاڵاوە ستەم ئامێزو کاولکارییە، زیاتر لەدوو ساڵ دەبێ لیستێکی ناو دەرچوو بۆ زەوی دابەشکردن، ئەم لیستەش (٥٩٩) ناوی تێدابوو، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك لیستەکە ئاسەواری نەماو کەسیش باسیی ناکات، بۆ ئەم مەبەستە بەباشمان زانی بەدواداچوون لەسەر ئەم مەسەلەیەدا بکەین.**

**شێرکۆ مەحموود - دیبەگە**

سەرەتا نەبەز عومەر بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە سەبارەت بە لیستی ناوەکان وتی "کەموکوڕی لە لیستەکەدا هەبوو بۆیە ڕامانگرتو ئێستا لیژنەیەك لە کەسانێك پێکهاتووە کە هەڵقولاوی ناو خەڵکن و دوورن لە دەزگا ڕەسمی و حزبییەکان، ئەوان چاوپێداخشاندنەوەی لەسەر دەکەن، کارەکانیشمان لە تەواوبووندایەو دەمانەوێ زەوی بە خەڵکانێکی موستەحەق بدەین".

ئەگەرچی دارا عومەر بەڕێوەبەری شارەوانی دیبەگە دەربارەی لیژنەکە وتی "لیژنەکە بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری ناحیەو ئەندامێتی خۆمو

هاوڵاتی حەیدەر حاجی خدر:

## خەڵكانێك ناویان لە لیستەكە بوو نەك هی دیبەگە بەڵكو هی ٤٨ گوندی سنوورەكەش نەبوون

چەند برادەرێکی تری ناو ئیدارەیە"، بەڵام هەردووکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لە لیستی ئەم جارە کەسانی موستەحەق دەبێ ناویان تێدابێ، لەگەڵ ئەوەی مەرجیش نیە هەرکەسێك ناوی لە لیستی یەکەم هەبێت زەوی وەربگرێت، چونکە دەبێ ڕێنماییەکان بیانگرێتەوە لەوەی پێشتر سوودمەند نەبوون و کرێچی و بێ شوێن بن".

قسەکانی ئەوان بۆ کەمێك جێدێڵین و دەچینە لای چەند هاوڵاتییەك کە دەڵێن ئێمە هەر لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی دیبەگە لێرە بووین و ناویشمان نەنووسراوە، لەوانە حەیدەر حاجی خدر گوتی "من ناوم لە لیستەکە هەبوو، دواتر کوژاندبوویانەوە، کەچی من بە خۆمو دوو کوڕم لەناو خانوویەکی یەك ژووری بەکرێدا بووین، خەڵکانێکیش ناویان تیابوو کە چەند جار سوودمەند ببوون"، ئەو هاوڵاتییە وتیشی "ئێمە نەماندەزانی لیژنەکە کێیە؟، تەنها ئەوە نەبێت موختار دەگەڕاو دەیگوت ناوی خەڵك دەنووسین بۆ زەوی، دەبوا ڕێنماییەك هەبوایە، ئەوسا خەڵك دەیزانی کە موستەحەقە یان نا، ئاخر خەڵکانێك ناوی لە لیستەکەدا بوو، نەك هەر دیبەگەیی نەبوو، هی هەر (٤٨) گوندی سنوورەکەش نەبوون، مەسەلەکە حزبایەتی و خزمایەتی بوو".

هاوڵاتییەکی تر بە ناوی (نەواف عەبدوڵڵا) بەهەمان شێوە وتی "لەگەڵ ئاوەدانکردنەوە گەڕاومەتەوە، چەندین جار چوومەتە لای موختارو پێی گوتووم (من ناوی هەموو کرێچییەکانم نووسیوە ئیتر ناوت هەیە نییە نازانم)، هەروەها چوومە لای بەڕێوەبەری ناحیەو تەماشای لیستەکەی بەردەمیم کرد وتی (ناوت نییە، بەڵام دەینووسم) دواتر مام سەلیم موختار تەلەفۆنی بۆ کردو پێی گوت ئەو ناوەی بەقەڵەمی سەوز زەربی لەسەر دراوە برازای زرارە ناوی بنووسن چونکە موستەحەقە".

ئەوەی جێگای تێڕامانە نە ئیدارەو نە هاوڵاتییان نایشارنەوە، کە لیستەکە خەڵکانێکی دەرەوەی سنووری ناحیەی تێدابووە، دەپرسین ئەگەر لە کاتی خۆی زەوییەکان بەسەر خەڵکی موستەحەق دابەش کرابایە ئێستا دیبەگە چەند ئاوەدانتر دەبوو و چەندین خانووی تری تێدا دەکرا، جگە لەمە دەپرسین ناوێك ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دابێت چۆن لادەچێت و خەڵکی موستەحەقی دەخرێتە شوێن؟ بۆ وەڵامی ئەوەش بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە دەڵێ "دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت خەڵکێك لە ناو لیستەکە هەن خەڵکی سنوورەکە نین، هۆکاری دواکەوتنی دابەشکردن ئەوەیە، هەروەها خەڵکێکی تیا نیە موستەحەقە"، هەروەها بەڕێوەبەری شارەوانیش دەڵێ "لیستێك بەناوی موستەحەقەکان دەکەین، بەڵام دەبێ ڕەزامەندی سەرووی پێوەربگیرێ و بۆی هەیە کەسانێکیش زەوی وەربگرن کە خەڵی ئێرەش نین، کەموکوڕی لە لیستەکە هەیە، بەڵام بەدەستی ئەنقەست نەبووە". ئەوەش نابێ لەبیر بکەین کە هاوڵاتیان هێشتا نیگەرانن و بە چاوی ترسەوە دەڕواننە دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە گوایە ناوەکان ئەوکات ئاشکرا دەکرێن.

ئەوەتا چەندین هاوڵاتی کە لەبەر بەرتەسکی شوێنی دابەزینی ڕیپۆرتاژەکە ناویان نانووسین تەنها ئەو سێ هاوڵاتییە، کاك حەیدەرو کوڕەکانی، کاك نەواف، کاك خالید عەبدولڕەحمان کە ناوی لە لیستی پێشوو هەبووە دەترسن دیسان ناویان تێدا نەبێت. خالید لە درێژەی قسەکانی وتی "من لەبەر ئەوەی خاوەن خێزانم و جێگام نیە چەند جارێك چوومەتە لای بەڕێوەبەری ناحیەو داوام کردووە تەنها (١٥٠) مەتر زەویم بدەنێ، هەتا لەگەڵ موختاریش چوومە لای، کەچی لەبەرامبەر ئەمە خەڵکی ئاسایش و پۆلیس هەریەکە (٣٠٠) مەترو (٤٠٠) مەتر زەویان وەرگرتووە، ویستم نیو پارچە زەوی بکڕمەوە دەستم نەکەوت"، ئەو وتیشی "من کێشەی خۆم لەوەدا دەبینمەوە کە لایەنگری حزبی دەسەڵاتدار نیم بۆیە جیاوازی دەکەن، دەنا ڕۆژێکیان پیاوێکم لەگەڵ بوو، دەیگوت خەڵکی حاجی ئۆمەرانم و زەویم لە دیبەگە بۆ دەرچووە، ئێستاش دوای ئەوەی دواجار چوومە لای بەڕێوەبەری ناحیەو بەپێی وتەی بەڕێزیان دەبێ (٢٤٠) ناوێك هەبن موستەحەق بن و بەم نزیکانە زەویان پێبدرێت".

شایانی باسە هاوڵاتییان هەموویان ناوی موختاریان دەهێناو ئێمەش پەیوەندیمان پێوەکرد، بەڵام ئەو لەوەڵام وتی " من هیچ لەبارەی ئەو بابەتەوە نازانم".

مایەوە بپرسین ئایا دوای زەوی دابەشکردن پێشینەی خانوو دەدرێت؟ سەبارەت بەمەش بەڕێوەبەری ناحیە پێی وایە "ئەوەی پسوولەی خۆراکی هەولێر بێت بەپێی ڕێنمایی هەموو مافێکی دەبێت".

هەروەها بەڕێوەبەری شارەوانی دیبەگەش دەڵێ "چونکە ئەو زەویانە لە کاتی ئێستا تاپۆ ناکرێن و خەڵکیش پسوولەی خۆراکی گواستراوەتەوە سەر موسڵ زەحمەتە، لەو بڕوایەشە حکومەتی هەرێم مشورێکیان بخوات".



نەبەزعومەر:

### لیژنەیەكمان پێكهێناوە هەڵقوڵاوی ناو خەڵكن، دوورن لە دەزگا ڕەسمیی و حزبییەكان



دارا عومەر:

### لیژنەی ئەمجارە بە سەرۆكایەتی بەڕێوەبەری ناحیەو ئەندامێتی خۆم و چەند برادەرێكی ناو ئیدارەیە

هاوڵاتی نەواف:

### موختار گوتی "ئەو کوڕەی بە قەڵەمی سەوز زەربی لەسەر ناوی درابوو تێی بکەن موستەحەقە"

● ● ●

هاوڵاتی خالد:

### کابرایەکی حاجی ئۆمەرانم لەگەڵ سوار بوو گوتی زەویم لە دیبەگە وەرگرتووە

قسەکانی ئەو دوو بەرپرسە بەڕێزەو هاوڵاتییانە زۆرترن، بەڵام ئەوەی پێویستە لە کۆتایی باسی بکەین، جەختکردنەوەی هەردوو بەرپرسە لەسەر ئەوەی ئەم لیستەی لەم چەند ڕۆژە دەردەچێ و هیچ کەس هەناسە سارد ناکات.

# وەزارەتی كارەبای حكومەتی ئێراق داوای پارە لە بەرپرسی كارەباو لیژنەی وەرگرتنی موچەی مەخموور دەكەنەوە

**دیمانە: محەممەد شێروانی**

**دوای ئەوەی لەڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٢ لێژنەی وەرگرتنی مووچە لە فەرمانگەی کارەبای مەخموور لەپارێزگای موسڵ مووچەی فەرمانبەرانی کارەبایان وەرگرتو لەگەڵ بەرپرسی کارەبای مەخموور، مەغدید سلێمان ڕەزا بەرەو مەخموور هاتنەوە، بەڵام لەڕێگا تیرۆرستان ڕێگەیان پێدەگرن و ماوەی (١٨) کاتژمێر دەستگیرییان دەکەن و ئەو مووچەی وەریانگرتووە کە بڕەکەی (١٩٣٢٥٠٠٠) نۆزدە ملیۆن و سێ سەدو بیست و پێنج هەزار دینار بوو، لێیان دەسەنن و پاشان ئازادییان دەکەن، دیارە دوای لێکۆڵینەوە (بەڕێوەبەرایەتی کارەبای موسڵ) پارەکەیان بۆ سەرف دەکەنەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ساڵ و نیوێك بەسەر ڕووداوەکە وەزارەتی کارەبای حکومەتی ئێراق داوای هەموو پارەکە لەبەرپرسی کارەباو لێژنەی وەرگرتنی مووچە دەکەنەوە، بڕیار وایە لەمانگی شوباتی (٢٠٠٩) بە مانگانە بڕی پارەکە وەرگرنەوە، بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە بەپێویستمان زانی بۆچوونی بەڕێز (مەغدید سلێمان ڕەزا) بەرپرسی کارەبای مەخموور بۆ ئەم مەبەستە وەربگرین، بۆیە ئەم دیمانەمان ئەنجام دا:**


بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة الكهرباء
المديرية العامة لتوزيع كهرباء الشمال
الشؤون الادارية

العدد: ٦/ ٤/ ٩
التاريخ: ٢٠٠٨/ ٩/

مديرية توزيع كهرباء نينوى
التاريخ ٩/ ٩/ ٢٠٠
رقم الواردة

امـــر اداري

استنادا للامر الوزاري المرقم ٢٦٠٥٠ في ٢٠٠٦/١٢/٤ وملحقه الامر الوزاري المرقم ٢٦٤٢٩ في ٢٠٠٦/١٢/٧ و المتضمن تشكيل لجنة للتحقيق في سرقة وتسليب رواتب دائرة كهرباء مخمور التابعة لمديرية توزيع كهرباء نينوى التابعة لمديريتنا وبناءً على مصادقة السيد الوزير المحترم للتوصياتهم المبلغة الينا بموجب الامر الوزاري المرقم ٢٢١٠٧ في ٢٠٠٨/٨/٢٨ تقرر مايلي:- مقصرية اللجنة المدرجة اسماؤهم اثناء المخولة باستلام وتضمينهم قيمة المبلغ المسروق بالتضامن و التساوي استنادا الى القانون رقم (١٢) لسنة ٢٠٠٦ بخطأ غير عمدي لعدم اخذ قوة كافية بكامل الاسلحة والاعتدة من مناحي حماية المنظومة الشمالية وحسب التوجيهات المعمول بها .

الاسماء:
مغديد سلمان رضا / مسؤول كهرباء مخمور
عارف جميل محمد / ملاحظ اداري
شاكر محمد عبد الله / موظف صيانة
محمد احمد حمد / سائق سيارة

صالح ... احمد
المدير العام وكالة

صورة منه الى/
وزارة الكهرباء / الدائرة الادارية / الافراد امركم الوزاري اعلاه يرجى التفضل بالاطلاع ...مع التقدير
مديرية توزيع كهرباء محافظة نينوى / لاتخاذ مايلزم واعلامنا التنفيذ ..لطفا
الشؤون القانونية و الشؤون المدنية / للعلم ...لطفا
الشؤون الادارية / اضبارة اللجان / مع المرفق

الاقتصاد في استهلاك الكهرباء يقلل من ساعات القطع

*** وەزارەتی کارەبای ئێراق نووسراویان بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبای موسڵ کردووە کە پارەکەتان بە مانگانە لێ وەرگرنەوە، بۆچوونتان لە مبارەیەوە چیە؟**

- ئێمەدەمانەوێ کەوا ڕەزامەندی وەزارەت دووبارە وەربگیرێتەوە بمانبەخشن کە لەسەر ئێمەیان داناوە، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە لە ئێراق بە چەندین سەروەت و سامان لە دامودەزگاکان دەڕوات و چەندین کەس دەکوژرێن و چەندین کەس پارەی لێ دەسێنرێ، تائێستا لە هیچ کەس داوا نەکرایتەوە پارەبدنەوە، بۆیە ئێمەش داوادەکەین لە وەزیری کارەبا کە ئەو مووچەیەمان لێ نەبڕن و ئەم بڕیارە هەڵبوەشێنەوە".

*** دەربارەی بردنی پارەکە جەنابت وەکو بەرپرسی فەرمانگە لەگەڵیان چووی نەك وەکو لێژنەی مووچە وەرگرتن؟**

- من کۆبوونەوەیەکم هەبوو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارەبای موسڵ، دواتر لەگەڵ ئەوان گەڕامەوە، من وەکو بەرپرس هیچ بەرپرس نیم و نەبوومە، لەبردنی پارەی مووچەکە، لەبەرئەوەی لێژنە هەیە پێکهاتووە، لە سێ کەس ئەمان بەرپرسیارن لەبردنی پارکە نەك من".

*** وەکو بەرپرسی فەرمانگە هیچ نووسراوێکت لەپۆلیس وەرنەگرتووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبای موسڵ ڕەوانەت کردبێت؟**

- ئێمە ئیفادەی خۆمان لەبنکەی پۆلیسی شۆڕە داوە، دواتر بردمیانە پۆلیسی (حەمام عەلی) لەوێوە جەنابی دادوەر بینی و مۆری کرد، دواتر بردمانە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای موسڵ و ئەمانیش قسەکانی ئێمەیان دووبارە وەرگرتەوە، دواتر نووسراوێکی فەرمیان ڕەوانەی وەزارەتی کارەبای (بەغدا) کرد".

*** بڕی ئەو پارەی کە لێیان سەندن چەند بوو؟**

-١٩٣٢٥ ٠٠٠ ملیۆنێك و سێ سەدو بیست و پێنج هەزار بوو.

*** دوای ڕفاندنەکەت چەند کاتژمێر دەست بەسەر بووی لەلایەن تیرۆستانەوە؟**

- لەکاتژمێر٢ی پاش نیوەڕۆ تاکو ڕۆژی دواتر کاتژمێر٨ی بەیانی، لەناوچەی (جزیرە) بوو لەبەر ئەوەی دوای دەستگیرکردنم هەردوو چاوی منیان بەستەوە، هیچ شتێکم نەدەدی بەس ئەوەندە ئەزانم شەو لە دێیەك بووم کارەبای بەردەوامیان هەبوو قەد نەدەبڕا".

*** ئەو لێژنەیەی کە دەچێ بۆ وەرگرتنی مووچەی فەرمانبەران لە چەند کەس پێك هاتووە؟**

- (عارف جەمیل محەمەد، سەرۆکی لیژنەیە)و (شاکر مەحموود عەبدوڵڵا، فەرمانبەرە لەبەشی چاککردنەوە)و (محەمەد ئەحمەد حەمەد فەرمانبەرە لەبەشی شوفێری) ئەمانە لێژنەی مووچە وەرگرتنن".

*** لەنووسراوەکە هاتووە چونکە ئێوە هیچتان لەگەڵ خۆتان نەبردیە، بۆیە سزاتان دەدەن بۆ گەڕانەوەی پارەکە، ئایا تائێستا چ جارێك پاسەوانتان هەبووە؟**

- نەخێر پاسەوان هیچ ئەسڵ و فەسڵی نییەو کەسیش ئێمەی ئاگادار نەکردۆتەوە کە پاسەوان ببەین، ئێمە زۆرجاران کە مووچەمان هێناوە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی موسڵمان کردیە، کە بارودۆخی ناوچەکە باش نییەو دەترسین ڕۆژێك چەکدار بێنە سەر ڕێگامان و لێمان بسەنن، چونکە ئێمە هیچ پاسەوانمان نییە، بەڵام وەزیر دەڵێ دەبێ پاسەوان ببەن لەگەڵ خۆیان ئێمە داواشمان کردیەو پاسەوان نەبووە لەگەڵ خۆمان ببەین.

*** دوای دەرکردنی بڕیارەکە، ئایا تائێستا مووچەکانیان لێ بڕیون؟**

- نەخێر ئێمە داواکاریەکەمان ڕەوانەکردیە، کە بۆ ماوەی (٥) ساڵ پارەکە وەرگرنەوە، بەڵام لەوانەیە لەم مانگە دەست پێ بکات.

*** ئایا تائێستا هیچ نووسراوێکتان نووسیوە لەبەڕێوەبەرایەتی موسڵ؟**

- بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای موسڵ نووسراوێکی نووسیوە بۆ وەزارەتی کارەبای (بەغدا)، بەڵام ئەمان ڕازی نین و داوای پارەکە دەکەنەوە.



مەغدید سلێمان ڕەزا – بەرپرسی کارەبای مەخموور

## دوای هەوڵی خەڵكی دەڤەرەكە

# ئاخۆ پەرلەمان‌و حكومەتی كوردستان چی بۆ دەڤەری مەخموور دەكەن



لەبەرگرنگی ئەم بابەتە، بە پێویستمان زانی دەقی ئەو لاپەڕەیە كە لەرۆژنامەی (میدیا) بڵاوكراوەتەوە، لێرەدا لە (دەنگی مەخموور) جارێكی تر بڵاو بكەینەوە

**تایبەت بە میدیا**/ خەڵكی مەخموور دەڵێن دەڤەرەكەمان بەرەو وێرانی‌و كاوڵ بوون دەچێت‌و پەرلەمانیش پشتگیری داخوازییەكانیان دەكات‌و داوا لەحكومەتی كوردستان دەكات كێشەكانیان چارەسەر بكات، حكومەتیش داوا لەوەزارەتەكان دەكات بەجدی كار بكەن‌و بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی دەڤەری مەخموور.

رۆژی ٢٠٠٨/١١/٥ ژمارەیەك لەكەسایەتی ناسراوی دەڤەری مەخموور سەردانی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانیان كردو كێشەو گرفتەكانی دەڤەرەكەیان بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان خستەڕوو، دوای كۆبوونەوەكەیان لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان، لەگەڵ پەرلەمانتار غەفوور مەخمووری دانیشتن‌و خاڵ بەخاڵی كێشەكانیان بەوردی باس كردو ئەویش لەراپۆرتێكدا كێشەو گرفتەكانی دەڤەرەكەی لەچەند خاڵێكدا چر كردەوەو پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی كردو، سەرۆكایەتی پەرلەمانیش پشتگیری تەواوی خۆی بۆ داخوازی جەماوەری مەخموورو قەراج‌و كەندێناوەو گوێر راگەیاندو، بەنووسراوێكی فەرمی‌و بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانیان بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان بەرز كردەوە، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستانیش وێرای ئەوەی كە جەختی لەسەر ناوەڕۆكی راپۆرتەكەی پەرلەمانی كوردستان كردووە، داوا لە چەند وەزارەتێكی پەیوەندیدارو پارێزگای هەولێر كردەوە كە بەجدی كار بكرێت بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی دەڤەری مەخموور.

بۆ بەدواداچوون‌و زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پرسە (میدیا) پەیوەندیكرد بە غەفوور مەخمووری ئەندامی پەرلەمانی كوردستان‌و گوتی: "ماوەیەك لەمەوبەر نوێنەرانی دەڤەری مەخموور كە





پێكهاتبوون لە ریش سپی‌و كەسایەتی ناسراوی دەڤەرەكە سەردانی پەرلەمانیان كردو گوتیان لەبەر ئەوەی ناوچەكەمان زۆر مەغدوورەو هیچمان بۆ ناكرێ بۆیە هانامان بۆ ئێوە هێناوە، ئێمەش لە پەرلەمان داواكارییەكانمان بەهەند وەرگرتن‌و ئاراستەی سەرۆكایەتی حكومەتی كوردستانمان كرد ئەوانیش وەڵامیان ئیجابی بوو". سەبارەت بەوەی كە ئایا حكومەتی كوردستان بەپەلە بەپیر چارەسەری گرفتەكانی خەڵكی دەڤەرەكەوە دەچێت، مەخمووری گوتی: "حكومەتی كوردستان كە نووسراوەكەی ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەكان كردووە دەڵێ زۆر بەجدی كار بكەن بۆ هاوكاری خەڵكی دەڤەرەكە، دواتر نووسراوەكە بۆ نووسینگەی وەزیرەكان نێردراوەو دەبێ وەزیرە بەڕێزەكانیش بەبایەخەوە سەیری چارەسەری گرفتەكان بكەن‌و هەنگاوی بۆ بهاوێن". لەدرێژەی قسەكانیدا غەفوور مەخمووری ئەوەشی گوت: "دەڤەری مەخموور بەهەق مەغدوورو مەزلوومەو پێویستە بەهەموو لایەكمان كاری بۆ بكەین‌و كێشەو گرفتەكانیان چارەسەر بكەین، ئێستا هەموو لایەكمان لەچاوەڕوانی ئەوە داین كە حكومەتی كوردستان ئاوڕێكی خێرا لەدەڤەرەكە بداتەوەو كێشەو گرفتەكانی چارەسەر بكات".

شایانی باسە مەخموور یەكێكە لەكۆنترین قەزاكانی ئێراق‌و لەساڵی ١٩٢٧وە قەزایەو تا ئەیلولی ١٩٩٦ سەر بە پارێزگای هەولێر بووەو دواتر بە بڕیارێكی بەعسی رووخاو خراوەتە سەر پارێزگای موسڵ، لەبەر كەمی خزمەتگوزاری وەك لەراپۆرتەكەی پەرلەمان‌و وەڵامەكەی حكومەتی كوردستاندا هاتووە (دەڤەرەكە بەرەو وێرانی‌و كاوڵ بوون دەچێت)‌و پێویستی بە ئاوڕ لێدانەوەیەكی خێرا هەیە.

خەڵكی دەڤەرەكە دەخوازن كێشەكانیان لەسەر نووسراوەكان بگوازرێتەوە بۆ بواری پراكتیك‌و كار بكرێ بۆ خزمەتكردنی خەڵكەكەی، هەروەك كوێخا رەفعەت شێروانی بۆ (میدیا) دواو گوتی: "ئێمە خەڵكی مەخموورو قەراج‌و گوێرو كەندێناوە زۆر جار بەڵێنمان پێدراوە، بەڵام كاریشمان بۆ نەكراوە، هیوادارین ئەو جارە تەنها بەڵێن پێدان نەبێت‌و پەرلەمان‌و حكومەت بەهاناتمانەوە بێن‌و كێشەكانمان چارەسەر بكەن". هەروەها گوتی: "هەقە حكومەتی كوردستان خۆی بەخاوەنی ناوچەكە بزانێت‌و زۆر لەسەر موسڵ نەوەستێت داخوا چی بۆ ناوچەكە دەكات". لەسەر ئەم بابەتە ئەحمەد عوسمان مشاری بۆ (میدیا) دواو هیوای خواست كە حكومەتی كوردستان جدی بێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی ناوچەكەو گوتی: "لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە بە تەمای موسڵ بین هیچمان بۆ ناكرێت، بۆیە پێویستە حكومەتی كوردستان بەجدی كار بكات بۆ چارەسەركردنی كێشەكان".

هەروەها مەلا رەسووڵ بندیان لەم بارەیەوە بە (میدیا)ی گوت: "ئێمە وەكو خەڵكی ناوچەكە داوا دەكەین پەرلەمان‌و حكومەتی كوردستان خۆیان بەخاوەنی ناوچەكە بزانن‌و كاری بە پەلەمان بۆ بكەن بۆ ئاوەدانكردنەوەو بنیات نانەوەی ناوچەكە". لەلای خۆشیەوە خالید كورەچی پشتگیری خۆی بۆ لێدوانەكانی پێش خۆی دەربڕی‌و گوتی: "ئێمەش وەكو كورەچییەكانی مەخموور كێشەمان هەیەو دەیانەوێ لەشوێنی خۆمان دەرمانبكەن‌و شوێنی ئێمە بدەنە بەرپرسەكان بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر ئەوەش غەدرە لە ئێمە دەكرێ‌و داواكارین حكومەتی كوردستان ئەو غەدرە قبوڵ نەكات".

دوای هەوڵەكانیان خەڵكی مەخموورو گوێرو قەراج‌و دیبەگە لەچاوەڕوانی حكومەتی كوردستاندان كە ئاخۆ چییان بۆ دەكات بۆ ئاوەدانكردنەوەو چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانی دەڤەرەكە!.

## وەڵامی حكومەتی كوردستان بۆ پەرلەمان‌و داواكرا لەوەزارەتەكان بۆ چارەسەر كردنی كێشەكان

### بۆ/ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن

### ب/ داواكاری هاووڵاتیانی دەڤەری مەخمور



ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق بە نووسراوی ژمارە (١٥٢٢) لە ٢٠٠٨/١٢/٢١یان كێشەو گرفتەكانی دانیشتوانی شارۆچكەی مەخمورو دەوروبەری ئاراستە كردووین. كە تیاییدا هاتووە ناوچەكە بەرەو وێرانی‌و كاول بوون دەچێت‌و لەڕووی خزمەتگوزارییەوە هیچی بۆ نەكراوە، نە لە هەولێرو نە لە موسڵ وەكوو پێویست بەپیر خواستەكانی خەڵكەوە نەهاتوون، گوندەكان تائێستا هاوكاری نەكراون بۆ ئاوەدانكردنەوەو پرۆژەی ڕێگاوبانیان بۆ نەچووەو، ئەو خەڵكەی كە گەڕابووە گوندەكان لەبەر نەبوونی ئاوو كارەباو قوتابخانەو بنكەی تەندروستی‌و پشتگوێ خستنیان گوندەكانیان جێهێشت. هەروەها داوایان كردووە كە نەخۆشخانەیەكی مۆدێرن بۆ مەخمور دروست بكرێت لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەی ئێستایان زۆر كۆنەو ئامێری پێشكەوتووی پزیشكی تێدا نییە، سەبارەت بە ئاوی خواردنەوە دەڵێن ئاوەكەی پاك نییە!و داوا دەكەین هەندێ كارگەو پرۆژەی گەورە لەناوچەكە دابمەزرێن بۆ ئەوەی هەلی كاركردن بۆ خەڵكی ناوچەكە برەخسێت لەبەر ئەوەی بێكارییەكی زۆر لەناوچەكەدا هەیە.. تكایە دیراسەتی داواكانیان بكەن‌و بەپێی پەیوەندی بەكاری وەزارەتەكانتانەوە هەوڵی جدی بدرێت بۆ جێبەجێ كردنیان‌و لەئەنجامەكەی ئاگادارمان بكەنەوە.

لەگەڵ رێزدا...

**محمد قەرەداغی**

**سكرتێری ئە نجومەن**

**وێنەیەك بۆ:**

* سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراقی/ كاروباری ئەنجومەن/ نووسراوی سەرەوەتان بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی كارەبا، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی كشتوكاڵ، وەزارەتی پیشەسازی/ نووسینگەی وەزیر/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە/ لەگەڵ رێزدا.
* نووسینگەی تەنسیق لە بەغدا/ لەگەڵ رێزدا.
* پارێزگای هەولێر/ لەگەڵ رێزدا.
* سەرۆكایەتی ئەنجومەن/ لیژنەی تایبەت بۆ بەدواداچوون.
* دۆسیەی تایبەت.

## داواكاری‌و گرفتەكانی شاندی دەڤەری مە خموور

**بۆ بەرێز جەنابی د.كەمال كەركوكی جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**

**ب/ داواكاری و گرفتەكانی شاندی دەڤەری مە خموور كە سەردانی پەرلەمانیان كرد**

سلاوێكی گەرم....

دوای ئەوەی ئەمرۆ ٢٠٠٨/١١/٥ نوێنەرانی خەڵكی مەخموورو دەوروبەری سەردانی پەرلەمانی كوردستانیان كردو، كێشەكانی خۆیان بۆ جەنابتان خستەڕوو بەمەبەستی چارەسەركردن، دوای تەواوبوونی كۆبوونەوەكە لەسەر داوای جەنابتان لەگەڵیان دانیشتم بۆ ئەوەی گرفتەكانیان تۆمار بكەین بۆ بەدواداچوون‌و چارەسەركردن، گرفتەكانیان ئەمانە:

١ - ماددەی ١٤٠: داوادەكەن لە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠دا رەچاوی رەوشی ناوچەكە بكرێ لەبەرئەوەی ساڵی ١٩٨٧و ١٩٨٨ كە تەواوی گوندەكانی دەڤەرەكە لەلایەن رژێمی بەعسەوە تێكدراوەو بەشێكی زۆری خەڵكەكە گواستراونەتەوە بۆ ناو مەخموورو ناحییەكانی قەراج‌و گوێرو ئەو ناوچانەش تا رووخانی رژێم لە بن دەسەلاتی رژێمدا بوون بۆیە فۆرمی خۆراكیشیان لەسەر موسڵ بووە، بەڵام زیانمەندبوون‌و، گوندەكانیان رووخێنراوە، ناحییەی دیبەگە كە لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی بەعسەوە خەڵكەكەی بەتەواوی گوازرایەوە بۆ كۆمەڵگا زۆرملێكان لەخراپترین رەوشدایە بۆیە داوادەكەن چارەسەری ئەو گرفتەیان بۆ بكرێ‌و ئەوانیش قەرەبووبكرێنەوە.

٢ - وشكەساڵی: لەئەنجامی وشكە ساڵی‌و نەبارینی باران لەساڵی رابردوودا زیانێكی زۆر بەر جوتیارو ئاژەڵدارانی ناوچەكە كەوت، ناوچەكەش ناوچەیەكی زیاتر كشتوكاڵییە داوادەكەن لەڕووی قەرەبووكردن‌و هاوكاریكردنەوە رەچاوی تایبەتمەندی‌و رەوشی ناوچەكە بكەن‌و داوا لە حكومەتی كوردستان‌و پارێزگای موسڵ بكرێ هاوكاری خەڵكەكە بكەن.

٣ - كەمی خزمەتگوزاری: شاندەكە گلەیی ئەوەیان هەیە كە ناوچەكە بەرەو وێرانی‌و كاول بوون دەچێت‌و لەڕووی خزمەتگوزارییەوە هیچی بۆ نەكراوە نە هەولێرو نە موسڵ وەكو پێویست بە پیر خواستەكانی خەڵكەكەوە نەهاتوون، گوندەكان تائێستا هاوكاری نەكراون بۆ ئاوەدانكردنەوەو پرۆژەی ڕێگاوبانیان بۆ نەچووەو، ئەو خەڵكەی كە گەڕابۆوە گوندەكان لەبەر نەبوونی ئاوو كارەباو قوتابخانەو بنكەی تەندروستی‌و پشتگوێ خستنیان گوندەكانیان جێهێشت، گلەییان هەیە كە حكومەتی كوردستان هاوكاری نەكردوون لەم ڕووەوە، داوا دەكەن بۆ هاندانی گەڕانەوەی گوندییەكان‌و ئاوەدانكردنەوەی گوندەكانیان پەرلەمانی كوردستان‌و حكومەت هاوكارییان بكات هەروەها داوایانكرد نەخۆشخانەیەكی مودێرن بۆ مەخموور دروست بكرێت لەبەرئەوەی نەخۆشخانەی ئێستایان زۆر كۆنەو ئامێری پێشكەوتووی پزیشكی تێدا نییەو، دەڵێن زۆر جاری تریش ئەو داوایەمان كردووە. سەبارەت بە ئاوی خواردنەوە دەڵێن ئاوی خواردنەوەی ناوچەكە پاك نییەو پێویستیان بە پرۆژەی ئاوی خواردنەوە هەیە. هەروەها داوا دەكەن حكومەتی كوردستان هەندێ كارگەو پرۆژەی گەورە لەناوچەكە دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی هەلی كاركردن بۆ خەڵكی ناوچەكە برەخسێت لەبەر ئەوەی بێكارییەكی زۆر لەناوچەكەدا هەیە.



٤ - كێشەی كارگە گەچەكانی مەخموور: لەوەتەی مەخموور هەیە ئەو كارگانەش هەن، نزیكەی ٤٠ كارگەی دروستكردنی گەچ لەبناری قەرەچووغ لەهەردوو دیودا هەن‌و بەرهەمەكەش بۆ هەموو كوردستانەو خەڵكێكی زۆری ناوچەكە ژیان‌و گوزەرانیان لەسەر ئەم كارگانەیەو هۆكاریشە بۆ بەكارخستنی كرێكارانی ناوچەكە، دەڵێن ماوەیەكە ئیدارەی مەخموور زۆرمان لێدەكات كەكارگەكان بگوازینەوە بۆ شوێنی تر، وەك خۆشیان دەڵێن ئەگەر لەو شوێنە برۆن چ شوێنی تر نییە بۆ ئەو كارەو، ئەو كارە تەنها لەو شوێنە دەكرێ لەبەر ئەوەی كەرەستەی سەرەتایی دروستكردنی گەچ لەو شوێنەدایە، گوتیان لەسەردەمی رژێمی رووخاو گازو نەوتی رەش‌و ماددەی تەقاندنەوەی كانەبەردەكانیان پێدەدرا، بەڵام ئێستا هیچیان پێنادرێت. داوا دەكەن ئەگەر هاوكاری ناكرێن باگرفتیان بۆ دروست نەكرێ‌و لێبگەرێن لەشوێنی خۆیاندا بمێننەوە، هەروەها ئەوەشیان گوت كە لەوانەیە ئەوان بۆ ئەوە لەو شوێنە دەردەكرێن تا شوێنەكە بدەنە هەندێ بەرپرس بۆ قازانجی شەخسی، ئەوەش بەزوڵم دەزانن‌و داوا دەكەن سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بەزووترین كات چارەسەری ئەو گرفتەیان بۆ بكات‌و، وا بكات كە لەشوێنی خۆیاندا بمێننەوە.

٥ - گەڕاندنەوەی ناوچەكە بۆ سەر هەولێر: گلەیی زۆریان لەوە هەبوو كە بەرداشی موسڵ‌و هەولێر ناوچەكە دەهارێ‌و زۆر جار كە بۆ كارێك دێنە هەولێر پێیان دەگوترێ ئێوە سەر بەموسڵن‌و، هەندێ جاریش بۆ راپەراندنی كارەكانیان كەدەچنە پارێزگای موسڵ پێیان دەگوترێ كە هەولێر ئیدارەی ئێوە دەكات، دەڵێن ئێمە لەنێوان هەردوولا مافمان خوراوەو، خەریكە ناوچەكەمان وێران دەبێت، بۆیە داوا دەكەن سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان‌و لیژنەی بەدوادا چوونی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ لەپەرلەمان كارێكی وابكەن كەناوچەكە بەزووترین كات بگەڕێتەوە سەر هەولێرو، تا ئەوەش دەكرێ داوا لەموسڵ‌و هەولێر بكرێ ناوچەكە پشتگوێ نەخەن.

٦ - بەسەركردنەوەی ناوچەكە: داوا دەكەن بۆ بینینی واقیعی حاڵ‌و بەسەركردنەوەی ناوچەكە جەنابتان سەردانی دەڤەرەكە بكەن‌و لەنزیكەوە رەوشەكە ببینن.

٧ - تەملیك كردنی زەوی كشتوكاڵ: داوا دەكەن عەدالەتی دابەشكردنی زەوی كشتوكاڵی فەراهەم بكرێ ئینجا یاسای تەملیكردنی زەوی كشتوكاڵی جێبەجێبكرێت بۆ ئەوەی خەڵكی ناوچەكە زیاتر زیانمەند نەبێت‌و داوا دەكەن بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری وەزارەتی كشتوكاڵ بكرێتەوە بۆ ئەنجامدانی كاری پێویست.

ئەم خاڵانەی سەرەوە داخوازی‌و گرفتەكانی شاندەكە بوون‌و، داوا دەكەن سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بەزووترین كات بەدوایاندا بچێت‌و چارەسەری گرفتەكانیان بكات.

لەگەڵ رێزماندا.

**غەفوور مەخمووری**

**ئەندامی پەرلەمانی كوردستان**

**٢٠٠٨/١١/٥**